# لەدوای ٣ ساڵ لەهێزێکی گۆڕانخوازەوە بۆ حزبێکی کلاسیك!

00:37 2012 تەممووز .26 |Source : hawlati.co

**سێ ساڵ بەر لەئیمرۆ کاتێك گۆران وەکو هێزێکی نوێی سیاسی و جەماوەری خۆی راگەیاند لەزۆر روەوە هەلومەرجەکان هەرگیز لەهەلومەرجی ئێستا نەدەچوون بەتایبەت ئەو هەلومەرجانەی پەیوەندیان بەیەکێتی و پەیوەندیان بەسلێمانی و پەیوەندیان بەشێوازی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەوە هەبوو کەبەزۆنی سەوز ناسرابوون.**

لەسەر ئاستی یەکێتی، هەتا سەعاتی سفری دروستبوونی بزووتنەوەی گۆران، یەکێتی هەموو گرەوەی ڕێکخراوەیی خۆی لەسەر ئەو ریفۆرم و پلانانە بنیات نابوو، کەبریار ئەو هەڤاڵانە لەناو یەکێتیدا و بەرەزامەندی مام جەلال بەئەنجامی بگەیەنن. کەچی لەبری ئەوەی ئەو هەڤاڵانە کەسەرکردەی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی بوون، ئەو پلانە چاکسازی و ریشەییە لەناو هێزە مێژوویەکەی خۆیاندا ئەنجام بدەن، هاتن پلانێکی دیکەیان، کەپلانی لەناکاو راگەیاندنی بزووتنەوەی گۆران بوو، لەشێوەی بۆمبێکی تەوقیتکراوداو لەدەرەوەی یەکێتیدا و لەناو دڵی یەکێتیدا بەرووی یەکێتیدا تەقاندەوە. بۆمبێك، کەئامانجیەتی لەو سەردەمەدا بزووتنەوەی گۆران، وەکو هێزێکی تازەی ئەلتەرناتیڤی دەربخات و لەساتەوەختی دەرکەوتنیشیدا، یەکێتیەك بەجێبهێڵێت، کەئینشاقێکی حزبی هەڵیتەکاندووەو رووبەرووی شڵەژانێکی رێکخراوەیی گەورەی کەمەرشکێنیشی کردۆتەوە.

لەسەر ئاستی کوردستانیش، بەتایبەت لەسەر ئاستی زۆنی سەوز، کەیەکێتی سەرکردایەتی ئیدارەدانی دەکرد، تەکەتولاتێکی کوێر کەدراینەمۆی وێنابوونی ئەو بزووتنەوەیە بوو لەهەناوی یەکێتیدا، ئەم زۆنەی پرکردبوو لەناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و سیخناخی کردبوو لەبێمتمانەیی سیاسی و ئیرادەی هەر چەشنە بەرێوەبردنێکی مۆدرێنیشی لەپلانێکی دۆزەخیانەی پێشوەخت دارێژراودا، تێدا سرکردبوو. کاتێکیش ئەو بزووتنەوەیە خۆی لەیەکێتی جیاکردەوە، بەشێکی گەورەی لەناشیرینی و کێماسیەکانی ئەم زۆنەی بەگەردنی یەکێتیدا هەڵواسی. ناشیرینی و کێماسیەگەلێك، کەبەشێکیان هەر لەئەزەلەوە، بەرهەمی ئەقڵیەتی دەوڵەتداری ئەو کاراکتەرە گۆرانخوازانەبوون، کەلەناو جومگە گرنگەکانی بەرێوەبردنی زۆنە سەوزەکەدا رۆڵی بەرچاویان هەبوو، کەچی کاتێك رۆیشتن میراتە سلبیەکەیان بەئومێدی جوانکردنی خۆیان بەسەر یەکێتیدا جێهێشت.

لەو ئومێدو یۆتۆپیا سیاسیەوەو لەسێ ساڵی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆرانەوە بۆ ئێستا،هەموو هەوڵی گۆران، بۆ بزرکردنی یەکێتی بوو. بزرکردنێك، کەبەهۆیەوە گۆران دەیخواست لەژێر هەڵمەتێکی زاڵمانەی دژە گەندەڵی و دژە بێدادیدا، ئەو هێزە مێژووییە بۆ ئەبەد لەسەر نەخشە سیاسیەکەی سلێمانیدا بسرێتەوە. لەراستیدا، لەم سێ ساڵی بەئامانجکردنی یەکێتیدا، گۆران نەك نەیتوانی ئەو خەونە حزبیە لەواقیعی سیاسی و جەماوەری سلێمانیدا بەسەر یەکێتیدا بەرجەستە بکات، بەڵکو لەلایەکەوە یەکێتی توانی شورای بەرگریەکی جەماوەری سپی بەشێوەیەکی مێژوویی‌و دیموکراسی بەدەوری یادەوەرییە مێژووییەکانی خۆی‌و سلێمانیدا دابمەزرێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە رۆژانەش لەبەرامبەر هەڵمەتە رەش و ئاگرینەکانی گۆراندا، پۆل پۆل لایەنگرانی تورە لەیەکێتی بەرەو حەوشەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ هێزە مێژووییەکەی خۆیان دەگەرانەوە.

لەپاڵ هەستانەوەی یەکێتیدا هێواش هێواش گۆران رووەو خوارو رووەو داکشان، بەتایبەت لەسەر ئاستە جەماوەریەکە، رێچکەی گرتو لەناو بەرەی ئۆپۆزسیۆنخوازانیشدا، جڵەوی سەرکردایەتیکردنی

ئۆپۆزسیۆنی لەمشت دەرهاتو لەرێکەوتنێکی ژێر بەژێری نێوان دوو هێزە ئیسلامیە کوردیەکەشدا، یەکگرتووی ئیسلامی بەبەرچاوی گۆران خۆیەوە، کورسی سەرکردایەتیکردنی ئۆپۆزسیۆن لەدیسکۆرسێکی ئەقڵانیو ئیمانیو ئیخوانیدا، بۆخۆیو بۆ لایەنگرانی رەوتی ئیسلامی بۆ یەکەمین جار لەمێژووی هەرێمەکە کوردیەکەدا مسۆگەر دەکات.

دۆخی سیاسی ئێستای گۆران دۆخی نائومێدیە. دۆخێکی سایکۆسیاسی ناجێگیرە چونکە ئەوەتا لەلایەك لەدوای سێ ساڵ خولانەوە بەدەوری گوتارێکی ئاگریناویو عاتفیدا سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە لەخەونی بەنیلی کردنی سلێمانی رووبەرووی بێ هیوایی بۆتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە ئەو سەرکردایەتییە دەزانێت کەئیدی شوناسی بزووتنەوەکەیان خەریکە بەتەواوەتی وەکو شوناسی بزووتنەوەیەکی لۆکالی لۆکالیبوونی خۆی جێگیردەکاتو لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیو لەکەرکوکو ناوچە کوردستانیەکانی دیکەش رووبەرووی شکستێکی هەمیشەیی دەبێتەوە. شکستێك، کەسەرکردایەتی باڵادەستی گۆران چیتر بەرگەی ناگرێتو لەرێگای گەمەی هەڵبژاردنی ناوخۆییەوە دەخوازێت بەگژیدا بچێتەوە. هەڵبژاردنێك کە بۆ تێپەراندنی واقیعە تاڵەکە کاك نەوشیروان ناچاردەکات یەکەمین ئۆکەی دەست بەسەرداگرتنی ئەو بزووتنەوەیە بۆ باڵە سەربازیەیو کلاسیکەکەی گۆران نیشان بدات. ئەو باڵە تەقلیدیەی، کەهەمیشە گۆران وەکو زادەی ئینشیقاقە حزبیەکە دەبینن.

کاتێك لەدوای سێ ساڵ لەتەمەنی رێکخراوەیی خۆی، گۆرانیش لەچەشنی تەواوی پارتە سیاسیەکانی سەر گۆرەپانە سیاسیە کوردیەکە، دەرگای گۆران و دەرگای نویبوونەوەو دەرگای ریفۆرمیزەکردنی خۆی و کۆمەڵگا، بەبێ دوو دڵی بەسەر نەوەی نوێدا دادەخات و دەرگای سەرکردایەتیکردنی باژێرڤانیەکانی خۆی بەرووی کارەکتەرە ئەمنی و سەربازیەکانی سەردەمی شاخ و شۆرشدا دەکاتەوە. ئیدی شوناسی ئەویش، لەدوای سێ ساڵ لەشوناسی بزووتنەوەیەکی گۆرانخوازی مۆدرینەوە بەرەو شوناسی حزبێکی کلاسیك بەرەو شوناسی هێزێکی تراديشناڵ مل دەنێت. شوناسێك، کەتیایدا گۆران بەدیوە پۆزەتیڤەکەیدا ماڵئاوایی لەگۆران دەکات!